# کاریگەری گەندەڵی لەسەر شوناسی نەتەوەیی

## هەرێمی کوردستان وەک نموونە

**د. پێشرەو عەلی محەمەد ئەمین**

Peshraw.mohammed@univsul.edu.iq

**مامۆستا لە بەشی سیاسەت و**

**پەیوەندییە نێودەوڵەتیەکان کۆلێجی زانستە ڕامیارییەکان**

**لە زانکۆی سلێمانی**

**بەرواری وەرگرتنی توێژینەوە: ٢٠٢٥/٤/١ بەرواری وەرگرتنی ڕەزامەندی بڵاوکردنەوە: ٢٠٢٥/٤/١٠**

**پوختەی توێژینەوە**

ئەم توێژینەوەیە هەوڵێکە بۆ دەرخستنی ئاستی پەیوەندی نێوان گەندەڵی و شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی کوردستان، و هەڵسەنگاندنی بیرو ڕای هاووڵاتیان سەبارەت بە هەریەکە لە پێودانگەکانی متمانە، شەفافیەت، لێپرسینەوە، کارایی دام ودەزگا گشتیەکان و دەسەڵاتی دادوەری بۆ زانینی ئاستی هەریەکەیان و کاریگەریان لەسەر شوناسی نەتەوەیی، بۆ ئەمە مەبەستەش لەم توێژینەوەیەدا شێوازی ڕاپرسی بەکاردەهێنرێت لە پێناو دەستەبەرکردنی داتای چەندایەتی لەدوای چۆنایەتی سەرەتایی لە ڕێگەی دروستکردنی پێوەرەکانی وەک " متمانە و کارایی حکومەت" بۆ پێوانەکردنی متمانەی گشتی بە دامەزراوە گشتی و کۆمەڵایەتییەکان. و پاشان پێوەرەکانی " شەفافیەت و لێپرسینەو" بۆ پێوانەکردنی ڕێژەی گەندەڵی و دەرخەرەکانی. هەروەکو لە دەرەنجامەکانی ئەم توێژینەوەیەش ئاشکرادەبێت کە چۆن گەندەڵی و دەرەنجامەکانی کاریگەریی نەرێنی زۆریان داناوە لەسەر شانازی بەکۆمەڵ، یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی، و هەموو پایەکانی شوناسی نەتەوەیی. بۆ نەهێشتنی ئەم کاریگەریە نەرێنیانە لەسەر شوناس، پێوست بەکاری برشت هەیە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و زیادکردنی شەفافیەت و لێپرسیتەوە و گەرانەوەی متمانەی هاوڵاتیانە بەدام ودەزگاکانی حکومەت تاوەکو هەستی کزۆڵەی هاوڵاتیان بەرامبەر شوناسی نەتەوایەتی کوردی لەهەرێم نەمێنێت.

### 1. پێشەکی

گەندەڵی لەمرۆدا دیاردەیەکی جیهانی بەربڵاوە، بە شێوەیەک کە کاریگەری بەرچاوی کردۆتە سەر زۆرێک لە وڵاتانی جیهان بە گشتی و وڵاتانی دواکەوتوو شکستخواردوو بەتایبەتی، بە جۆریک کە کاریگەری داناوە لەسەر کۆی کایەکانی تری ژیان و کۆمەڵگا لەو ووڵاتانە ئەویش کە بە شێوەیەکی ڕێژەیی، لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی تر دەگۆڕێت.

گەندەڵی و شوناسی نەتەوەییش لە هەرێمی کوردستان وەک کایەکی زیندووی هەرکۆمەڵگایەکی تر، کاریگەریان لەسەر یەکتر هەیە و پێکەوە گرێدراون. گەندەڵی وەک تەحەدایەکی سەر شوناسی نەتەوەیەی کورد، ڕەگ و ڕیشەکەی لە ڕۆڵی بەهێز و پاوان خوازی پارتە سیاسییە یەکان و خزمایەتی و دام و دەزگایەکی بیرۆکراسیی لاوازەوە سەرچاوەی گرتووە. ئەمەش بووەتە هۆی ڕێگریکردن لە هەوڵی بەدەستهێنانی حوکمڕانیەکی باش و دواتریش شوناسێکی پتەو. کە شوناسێکی پتەوی کوردی دەبێتە مایەی خۆڕاگری و یەکڕیزی و مانەوە بۆ گەلی کورد و بەدەستهێنانی ئامانجی زیاتری نەتەوەیی سەرەڕای بوونی ئاڵنگاریی و فشارە ناوخۆیی و دەرەکییەکان.

بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان جگە لەوەی دبێتە هۆکاری بەهێزکردنی دام و دەزگاکانی، لە هەمان کاتیشدا دەبێتە مایەی پاراستنی زیاتری شوناسی نەتەوەیی، هەروەها بۆ گەشەسەندن و سەقامگیری لە هەرێم و ناسنامەکەشی زۆر گرنگە، بەڵام دەبێت هەوڵەکان بۆ بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی زۆر هەستیار و ژیرانە بن، بۆ ئەوەی ڕێوشوێنەکانی دژە گەندەڵی شوناس و یەکگرتوویی لە هەرێمی کوردستان زیاتر تێک نەدەن.

### 1.1 ئامانجی توێژیەوە

گرنگترین ئامانجەکانی ئەم توێژیەوە بریتین لە:

1- تێگەشتن لە گەندەڵی و سروشتی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان.
2- تێگەیشتن لە شوناس و شونای نەتەوەیی کوردی لە هەرێمی کوردستان.
3- هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی هاوڵاتیان و ئەکادیمییەکان لەسەر ڕێژەی متمانەیان بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان.
4- هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی هاوڵاتیان و ئەکادیمییەکان لەسەر کاریگەری ئامرازەکانی گەندەڵی لەسەر شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی کوردستان.

### 1.2 گرنگی توێژینەوە

گرنگی ئەم توێژینەوەیە هەر لە ناونیشانەکەیدا دیارە کە دەمانەوێت تیشک بخینەسەر کاریگەری گەندەڵی لەسەر شوناسی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان، ئەویش لە ڕێگەی خستنەرو و دەسنیشانکردنی پەیوەندی نێوان گەندەڵی و شوناس کە چۆن گەندەڵی متمانە بە حوکمڕانی و سیستەمی سیاسی و دادپەروەری و سەرکردایەتیەکەی تێکدەدات و ناهێڵێت کە ئەمانەس بەشێکی دانەبڕاون لە پەروەردەکردنی هەستێکی بەهێزی ناسنامەی نەتەوەیی کوردی. ڕەنگە ئەم کەمبوونەوەی متمانە، شانازی کوردبوون و یەکگرتوویی بۆ پاراستنی شوناس و کولتوور و مێژوویی کورد لاواز بکات. هەروەها تیشک خستنە سەر کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان کە زۆرجار گەندەڵی نایەکسانی و خراپ بەڕێوەبردنی سەرچاوەکان و نەبوونی دەرفەت یەکسان بۆ هاووڵاتیان گەورەتر دەکات. بۆ هاوڵاتیان ئەمە دەتوانێت هەستی پەراوێزخستن و نامۆبوون گەورەتر بکات و تاکەکان کەمتر مەیلیان هەبێت بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لەو هەوڵانەی کە ناسنامەی کورد بەرەوپێش دەبەن یان پارێزگاری لێدەکەن. هەروەها ئەم توێژینەوەیە بۆشاییەکانی نێوان هاوڵاتیان و حوکمڕانان دەردەخات کە هەموو ئەمانەش دەتوانرێت سوودی لێوەربگیرێت لەلایەن دام و دەزگا پەیوەندیدارەکان و حوکمڕانان بۆ چارەسەرکردنی هەموو ئەو کاریگەریە خراپانەی گەندەڵی دایناوە لەسەر شوناسی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان.

sjh@univsul.edu.iq

1.3 پرسیار و گریمانەی توێژینەوە

پرسیارە سەرەکیکانی ئەم توێژینەوەیە دەتوانین دەستنیشان بکەین بەمانەی خوارەوە:

1- گەندەڵی چیە و سروشت و کاریگەرییەکانی لە هەرێمی کوردرستان چین؟
2- شوناس چیە و شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی کوردستان چیە؟
3- کاریگەری گەندەڵی لەسەر تێگەیشتن و پاراستنی شوناسی کوردی لە هەرێمی کوردستان چۆنەو چیە؟

لەگەڵ هەموو ئەو پرسیارانەی تر کە لە راپرسی ئەم توێژینەویەدا خراونەتە روولەسەر شوناس و گەندەلی و ئامرازەکانی.

بۆ وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی سەرەوە گریمانە یەکمان هەیە وە ئامانجمانە لە کۆتایی ئەم توێژینەوەیە بیسەلمێنین کە ئەویش ئەوەیە کە (گەندەڵی کاریگەری زۆری لەسەر تێگەیشتن و پاراستنی شوناسی کوردی و رەمزەکانی لە هەرێمی کوردستان داناوە)

## 2. میتۆدی توێژینەوە

لەم توێژینەوەیەدا سوود لە چەند میتۆدێکی زانستی وەردەگرین:

### 2.1 میتۆدی چۆنایەتی

میتۆدی شیکاری ناوەڕۆک: ئەم میتۆدەمان بەکارهێناوە بۆ شیکاری و و پێداچوونەوە بە سەرچاوە زانستیەکان بۆ تێگەیشتن و هەڵێنجانی گرنگترین پێناسەو لایەنە میتۆدیەکانی هەریەکە لە چەمکەکانی گەندەڵی ، شوناس و شوناسی نەتەوەیی کورد.

### 2.2میتۆدی چەندایەتی:

بەکارهێنانی راپرسی لایەنێکی کرنگ لەم توێژینەوەیە پێکدەهێنێت ئەویش بە دیزاینکردنی فۆرمێکی گۆگل و دابەشکردنی چەند پرسیاریک بە شێوەی ئۆنلاین بەسەر نمونەیەکی لە هاولاتیان و بەتایەتیش ئەکادیمیەکان. کە خۆی لەچەند پرسیارێک دەبینێتەوە، بەشی یەکەم لە پرسیارەکان بۆ دەستنیشانکردنی تەمەن و رەگەز و پاشان ئاستی خوێندنی بەشداربووەکانە، کە لایەنی کەمی خوێندنی تێدایە تا پلەی دکتۆرا و پاشان پرسیاری شوێنی نیشتەجێبوونی بەشدار بووانە کە هەموو شارەکانی ژێر دەسەڵاتی هەرێمی کوردستانی تێدایە، بەشێکی تری پرسیارەکان تایبەتن بە پرسیار دەربارەی شوناسی کوردی و پاشان دەچینەسەر پرسیارەکانی کە نیشاندەری گەندەڵین و تێروانینی خەڵکمان لەسەر ئەدای حکومەت بۆ دەردەخات کە وەڵامەکان بەسەر پێنج ئاست (دوانی رازی و دانیەکی بێلایەن و دوانی نارازی ) دابەشکراوە. و دواتریش ئەو پرسیارانەی دەرخەری متمانەن بە دام و دەزگاکان، و پاشان لایەنە ئابوری و کۆمەلایەتیەکان. کە هەموو ئەم پرسیارانە لە شێوەی هەڵبژاردنن وە لە کۆتایشدا وەرگرتنی رای جیاوازی بەشداربووان لەسەر کاریگەری گەندەڵی لەسەر شوناسی نەتەوەیی و چارەسەر، بەشێوە پەرەگراف.

### 2.3 بەشداربووان و نمونە (participants and Sample)

بەشداربووانی راپرسیی ئەم توێژینەوەیە بە شێوەیەکی سەرەکی بریتی بوون لە ئەندامانی چەند گروپێکی ئەکادیمی فایەر و وتس ئەپ لە زانکۆی سلیماسنی و هەولێر، و شارەکانی تریش کە دەتوانین بڵین زۆربەی نمونەکان بریتین لە مامۆستایانی زانکۆ و کەسانی ئەکادیمی ئەوەش، کە ئەم بەشداربووانە رۆژانە بەرکەوتەیان هەیە لەگەڵ گەندەڵی و بەشێکیشن لە هەڵگرانی شوناسی نەتەوایەتی کوردی ، کە ئەمە پێمان دەڵێت وەلامی ئەم بەشداربووانە وەک نمونەیە دەکرێت وەلامی نزیکراوەیەی تەواوی کۆمەڵگابێت. (Alan Bryman, Emma Bell, 2015). هەروەک لە خشتەی ژمارە (1) دیارە کە بەشداربوەکان دابەشبوون بەسەر هەریەک لە شارەکانی سلێمانی 88 بەشداربوو و هەولێر 16 و هەڵەبجە 4 و دهۆک 1، لەو ژمارانە 62 نێر و 47 یان مێ واتە هەردوو رەگەز بەشداربوون. وە لەمانەش 42 بەشداربوو هەلگری بروانامەی دکتۆرا، و 36 یان ماستەر، و27 یان بەکالریۆس و 5 یش ئامادەیی و کەمتر. تەمنیشیان 14 بەشداربوو 55 سال و زیاتر، و 39 بەشداربوو45 بۆ 54 سال، و 41 بەشداربوو 35بۆ 44 سال، و 15 بەشداربوو 25بۆ 34 سال، و 2بەشداربوش 18 بۆ 24 سال بوون.

**خشتەی ژمارە 1: وەسفکردنی ئەو نمونانەی کە راپرسی توێژینەوەکە لەسەریان ئەنجامدراوە**

| شار | بەشداربوو | رەگەز | | تەمەن | | | | | ئاستی خویندن | | | | |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| | | نێر | مێ | 18-24 | 25-34 | 35-44 | 45-54 | 55 و زیاتر | دکتۆرا | ماستەر | بەکالریۆس | ئامادەیی | کەمتر لە ئامادەیی |
| سلێمانی | 88 | 48 | 40 | 2 | 11 | 27 | 37 | 11 | 36 | 23 | 26 | 2 | 1 |
| هولێر | 16 | 10 | 6 | | 3 | 12 | | 1 | 4 | 10 | | 1 | 1 |
| هەڵەبجە | 4 | 4 | | | | 1 | 2 | 1 | 4 | 4 | | | |
| دهۆک | 1 | | 1 | | 1 | | | | | | 1 | | |

### 3. پێداچونەوە بە ئەدەبیاتی چەمکە بنەرەتیەکان

بەمەستی ئاشنابوون بە مانا و تێگەیشتنی تەواو لەو چەمکانەی کە وەک کلیلی سەرەکین لەم توێژینەوەیەدا هەڵدەستین بە شیکردنەوە و باسکردنیکی کورت بۆ هەریەکەیان. هەوڵدان بۆ دۆزینەوەی چوارچێوەیەک بۆگەندەڵی سەرەتا دەبێ لە تێگەیشتنی گەندەڵی و پرسیار کردن لەوەی کە چەمکی گەندەڵی چییە دەست پێبکات.

### 3.1 چەمکی گەندەڵی

گەندەڵی کێشەیەکی جیهانییە کە کاریگەری لەسەر هەموو جومگەکانی ژیاری تاکەکەسی هەیە، دامەزراوەکانی دەوڵەت تێکدەشکێن و کاریگەری لەسەر تاک و وڵات و کۆمەڵگا هەیە. کاریگەرییە خراپەکارەکانی دێتە هۆی بە هەدەردانی سەرچاوەکان سروشتی و مرۆییەکان و گەورەترکردنی دەلاقەی نایەکسانییەکانی لە کۆمەڵگا و هەژاری و دابەشبوونی کۆمەڵایەتی و قەیرانی ژینگەیی زیاتر گەورەتر دەکات و دەبێتە هۆی هاندان و سوتەمەنی ململانێکان و هەروەها بەها دیموکراسیەکان لاواز و پەک دەخات.

لەکاتێکدا ڕێککەوتننامەی نەتەوە یەکگرتووەکان دژی گەندەڵی (UNCAC) لە ساڵی 2003 خۆی لە دەستنیشانکردنی یەک پێناسەی تایبەت بۆ گەندەڵی بەدوور دەگرێت. بەڵکو گرنگی بە دەستنیشانکردنی کردەی گەندەڵی(acts of corruption) دەدات کە پێویستە وەک تاوانی تاوانکاری لەلایەن هەموو دەوڵەتێکەوە کە پابەندە بە ڕێککەوتننامەکەوە دانی پێدابنرێت. ئەم ڕێبازەش وەڵامێکە بۆ سەختی سروشتی دیاریکردنی پێناسەیەکی گشتگیر بۆ گەندەڵی بەهۆی دەرکەوتنە جۆراوجۆرەکانی لەسەر ئاستی نیشتمانی و ناوچەیی و جیهانی (Corruption, n.d.).

بەڵام ئەمە مانای ئەوەنیە کە ناتوانرێت پێناسەی گەندەڵی بکرێت هەروەک ڕێکخراوی شەفافیەتی نێودەوڵەتی پێناسەی کردوە بە "خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی پێسپێردراو بۆ قازانجی تایبەتی. دەتوانرێت بە گەورە، بچووک، یان سیاسی پۆلبەندی بکرێت، بەپێی ئەو سەرماییەی لەدەستچووە و ئەو کەرتەی کە تێیدا ڕوودەدات". (International, n.d.)

و لەبەر ئەوەی گەندەڵی پەیوەندی بە کاییەی گشتییەوە هەیە بۆیە زۆرجار گەندەڵی پێناسە دەکرێت بە بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشتی بۆ قازانجی کەسی و تایبەتی. (Tiffany D. Barnesو Emily Beaulieu, 2024)

هەموو گەندەڵییەک وەک یەک نییە و هەموو دام و دەزگاکان وەک یەک گەندەڵنین، هەندێک شوێن گەندەڵترن لە هەندێکی تر، جا لە دەوڵەتی نەتەوەییدا بێت یا لە ئیدارەی حکومەت یاخود بنکەیەکی پۆلیس. ڕەفتاری گەندەڵی زۆر جۆری هەیە، لە کەرت و دەزگای جیاوازدا بە شێوەیەکی جیاواز کاردەکەن و دەردەکەون. هەروەها گەندەڵی چەندین فۆرمی هەیە. زۆر زیاترە لە تەنها بەرتیل وەرگرتن کە ئەمە لە زۆربەی گفتوگۆکاندا دێتە بەرچاو تەنانەت وەک هاومانای گەندەڵی دەخرێتەڕوو باس دەکرێت. (Graycar, 2020) هەروەها گەندەڵی بە شێوەیەکی نارێژەیی کاریگەری لەسەر هاووڵاتیانی هەژار هەیەئەمەش واتای ئەوەدێت کە گەندەڵی لە کۆمەڵگا هەژار و دواکەوتووەکان کە کێشەی ئابوری ژیانیان هەیە کاریگەری قوڵتری لەسەر کۆمەڵگا هەیە بە بەراورد بە کۆمەڵگا پێشکەوتووەکان بە حوکمی ئەوەی دام و دەزگاکانیان کاراترن و پارێزگاری لە سیستەمی سیاسی و بنەماکانی حوکمرانی دروست دەکەن. (Tiffany D. Barnesو Emily Beaulieu, 2024)

لەدیاریکردنی فۆرمەکانی گەندەڵی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ مادده هۆشبەرەکان و تاوان(UNCAC) فۆرمەکانی گەندەڵی دیاری کردوە بە چەند جۆرێک:

- بەرتیل و ئیختلاس لە کەرتی گشتی و تایبەتدا کە دەکرێت ئەم فۆرمە بەشێوەی گەندەڵی "ئەکتیف" یان "پاسیف" بێت.؛

- بازرگانیکردن بە نفوزەوە؛
- خراپ بەکارهێنانی(استغلال) ئەرکەکان؛
- دەوڵەمەندبوونی نایاسایی؛
- سپیکردنەوەی پارە؛
- شاردنەوە؛ و

ڕێگری لە دادپەروەری. (Corruption, n.d.)

لەگەڵ ئەمەشدا دەبێت لە فۆرمەکانی گەندەڵی گرنگی تەواو بدرێت بە چوارچێوە دامەزراوەیی و کولتوورییە جیاوازەکانی هەر وڵات و ناوچەیەکی دیاریکراو.

سەرەڕای فۆرمەکانی گەندەڵی دەتوانین گەندەڵی پۆلێن بکەین بۆ چەند جۆرێک کە گرنگترینیان بریتیە لە:

- گەندەڵی "گەورە" یان "مەزن" کە لە کۆنترۆڵی دیکتاتۆرێکی ناپاکەوە بەسەر بڕیارەکانی تەرخانکردنی سەرچاوە و داهات و خەرجییەکانی وڵاتێکدا سەرهەڵدەدات. ئەم سەرکردە دیکتاتۆرە سامانی تایبەتی خۆی زۆرتر زیاتر دەکات لەسەر حسابی خۆشگوزەرانی دانیشتووانی وڵاتەکەی. وە پێی وایە کە دەبێت کۆنترۆڵێکی تەواوەتی بەسەر دەسەڵاتە سیاسییەکانی ناو وڵاتدا هەبێت بۆ ئەم مەبەستە بەشێک لەو سامانەی کە لە ڕێگەی گەندەڵییەوە کۆیدەکاتەوە، بۆ کڕینی دڵسۆزی و هاوسۆزی ئەو کەسانە بەکاردەهێنرێت کە یارمەتی دەدەن لە مانەوەی لە دەسەڵاتدا، ئەویش بۆ دژایەتی کۆمەڵگەی مەدەنی و دامەزراوە گشتییەکان کە ڕەنگە لە شێوەی ئۆپۆزسیۆندا سەرهەڵبدەن و لە داهاتوودا دژایەتی بکەن. ئەم فۆرمەی گەندەڵی دەبێتە هۆی هەڵە دابەشکردنی سەرچاوەکانی ووڵات و کۆکردنەوەی سامانێکی زۆر لە دەستی چەند کەسێکی دیاریکراودا. نموونەی ئەم جۆرە گەندەڵییە زۆرن بۆنمونە لە عێراق سەدام حسێن (کە بەپێی ئامارەکانی(Celebrity Net Worth) کاتی لە سێدارەدانی لە ساڵی ٢٠٠٦دا ، سامانەکەی بە دوو ملیار دۆلاری مەزەندەکردووە. (Calayag, 2022)) پەنای بۆ گەندەڵی برد بۆ ئەوەی ڕێگری لە گەشەسەندنی گروپە مەدەنییەکان بکات تا نەبنە بەرهەڵستێکی ڕاستەقینەی ڕژێمەکەی، ئەو ئاژاوەگێڕییەی دوای ڕۆیشتنی ئەو هاتە ئاراوە لە عێراق، بەشێکی زۆری دەگەڕێتەوە بۆ ئەو بۆشاییەی لە دامەزراوە سیاسییەکانی وڵات، هەبوو بە هۆی گەندەڵی سیاسی صدام حسین و ڕژێمەکەی. (JAIN, 2011)

- گەندەڵی بچووک: گەندەڵی بچووک ئاماژەیە بۆ کردەوە و گەندەڵی لە ئاستێکی نزمدا کە لە کارلێکی ڕۆژانەی نێوان تاکەکان و بەرپرسانی گشتیدا ڕوودەدات. وەک بەرتیلێکی بچووک، پارەی ئاسانکاری، یان یارمەتییەکانی ئاڵوگۆڕکردن بۆ خێراکردنی پرۆسەی کارگێڕی. نموونە لەوانە بەرتیلدان بە کارمەندێکی حکومی بۆ ڕایکردن و خێراترکردنی پرۆسەی مامەمەڵەیەکی کاغەزی بگرە ئەلکترونیش. بۆیە زۆرجار گەندەڵی بچووک لەو وڵات و هەرێمانە ڕوودەدات کە پرۆسەی بیرۆکراسی ئاڵۆز و کات بەفیڕۆدەرن.

لە سۆنگەی هەموو ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییانەی لەم بوارەدا نراون، لە ساڵی 2016دا، لوتکەی نێودەوڵەتی دژە گەندەڵی لە لەندەن بەڕێوەچوو. لە لوتکەکەدا، جاڕنامەی جیهانی دژ بە گەندەڵی ڕاگەیەندرا کە جەختی لەسەر سێ تەوەری سەرکی کردەوە کە ئەوانیش بریتین لە : دەبێت گەندەڵی ئاشکرا بکرێت، گەندەڵکاران سزا بدرێن و قوربانیان پشتیوانی لێ بکرێن،

هەروەها گەندەڵی بنبڕ بکرێت. لە لوتکەکەدا تیشک خرایە سەر کۆمەڵێک بابەتی پەیوەندیدار، لەنێویاندا نهێنی کۆمپانیاکان، خاوەندارێتی سوودمەند و کۆنترۆڵکردنی کۆمپانیاکان و سپیکردنەوەی پارە. گرنگیدان بەم پرسانە لەبەر ئەوەیە چونکە سیستەمی دارایی جیهانی و پەناگەی باج و نهێنی کۆمپانیاکان دەتوانن ڕۆڵێکی سەرەکی بگێڕن لە هاندانی گەندەڵی و بەهەدەردانی سەرچاوە و داهاتەکان بۆ نموونە لە بەریتانیا،پشت بەست بەم بابەتانە، یاسای سزا و دژە سپیکردنەوەی پارەی ساڵی ٢٠١٨ دەرچووە. (Al-Rashidi, 2022)

## 3.2 چەمکی شوناس(identity)

ئەم زاراوە لە وشەی identities وەرگیراوە و بە دوو مانای بەرواڵەت هاودژ شرۆڤە دەکرێت: یەکەمیان بە مانای هاوسانی و تەبایی ڕەها. دووەمیان بە مانای جیاوازی هەمیشەیی. بەگشتی شوناس، پرسیارە لە هەبوونی کەسێک. پرسیار بکەیت: ئەو کەسە کێیە؟ چ تایبەتمەندییەکی تاکی و کۆمەڵەکی هەیە؟( وەکو تاک) ئەو ڕەگەزانەی کە هەوێنی پرسیار لە شوناسی کەسێک پێک دێنن، بریتین لە: نیشتمان، مێژوو، زمان، ئەدەب، ئایین، پێکهاتە و ستراکتووری سیاسی، کولتوور و هونەری هاوبەش. چەمکی شوناس بابەتی کێشمەکێشی تیۆری نێوان دوو زانستی سایکۆلۆجی و کۆمەڵناسی بووە لەمەڕ توێژینەوەی لایەنی تاکەکەسی و لایەنی کۆمەڵایەتی ئەم چەمکە. ڕەهەندی تاکەکەسی شوناس، بریتییە لە هەستی ئێمە دەربارەی ئەو شتانەی کە هەر تاکێک لە ئەویدی جیادەکاتەوە کە ئەویش، دەرک و ناسینێکە لە «من». هەست کردن بە شوناسی تاکەکەس، دەرەنجامی دایەلیکتیکیی نێوان تاک و کۆمەڵگەیە و لە هەست و خۆست و بۆچوونەکانی تاکدا خۆی نیشان دەدات. ڕەهەندی شوناسی کۆمەڵایەتی بریتییە لە وێکچوواندن و گونجانی «ئێمە» لەگەڵ ئەوانی دی. ئەم شوناسە ڕوونکەرەوەی چەمکی «ئێمە»یە.

شوناس، بە کەس نابەخشرێت بەڵکوو لە ڕێگەی دانوستان و مامەڵە لەگەڵ ئەوانی دی ، دێتە بەرهەم. لەم ڕوانگەوە دەکرێ شوناس بە پرۆسەیەکی درێژخایەن لە قەڵەم بدرێ کە هەمیشە لە حاڵی گۆڕاندایە. بۆ نموونە شوناسی نەتەوەیی و ئەتنیکی مرۆڤی کورد بەپێی کات و شوێن دەگۆڕێ. ڕەنگە کوردبوون لە هۆڵەندا لەگەڵ کوردبوون لە کوردستان دوو شتی جیاواز بن یا کوردبوونی 2009 لەگەڵ کوردبوونی 1920 جیاوازیان هەبێت.

شوناس بابەتێکی فرەڕەهەندە. هەرکامێک لە ئێمە خاوەنی چەند شوناسێکە کە لایەنە بەرجەستەکەی لە پێوەندی لەگەڵ بارودۆخی ژیانمان تووشی گۆڕان دەبێت. کەسێک کە لە ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەژی لە کاتی باسکردن لە سیاسەتی نێونەتەوەیی شوناسی ئەمریکی بەخۆ دەگرێ. لە بەرەبەیانی یەکشەممەدا خۆی بە کاسۆلیک لە قەڵەم دەدات، کاتێکیش سەیری یارییەکی فۆتبۆڵی جیهانی دەکات، دەکەوێتەوە بیری باووباپیرانی لە هۆڵەندا. (شەبانی, 2010)

لەگەڵ ئالۆزی چەمکی شوناس بەڵام ڕۆڵێکی ناوەندی و گرنگ دەگێڕێت لە مشتومڕە بەردەوامەکانی گشت بوارە لاوەکیەکانی زانستی سیاسیدا (بۆ نموونە، مشتومڕەکانی سەبارەت بە شوناسی نەتەوەیی، ئیسنیکی، ڕەگەزی و دەوڵەت). شوناس وەک ئەوەی ئێستا دەیزانین ئاشناین پێی بە شێوەیەکی سەرەکی دەگەڕێتەوە بۆ کارەکانی دەروونناس( ئێریک ئێریکسۆن) لە ساڵانی ١٩٥٠ دا، وەک ئەوەی ئێستا بەکاری دەهێنین، "شوناس" ئاماژەیە بۆ (Fearon, 1999): (أ) پۆلێنێکی کۆمەڵایەتی، کە بە یاساکانی ئەندامێتی و سیفەتە تایبەتمەندییە (گومانلێکراوەکان) یان ڕەفتارە چاوەڕوانکراوەکان

sjh@univsul.edu.iq

پێناسە دەکرێت وکاتێک باس لە شوناس دەکەین وەک پۆلێنێکی کۆمەڵایەتی، ئاماژە بە شێوازی گروپکردنی خەڵک دەکەین لەسەر بنەمای هەندێک پێوەر یان یاسا و ڕێسا کە لێرەدا بەم دابەشکردنە شیدەکەینەوە و دەیخەینەڕوو:

- دەستە یان پۆلی کۆمەڵایەتی: ئەمەش واتا کۆمەڵێک کەسن کە ژینگەیەکی هاوبەشی نەتەوە، ئایین، پیشە، یان هەر تایبەتمەندییەکی تریان هەیە. بۆ نموونە "پزیشک" بوون پۆلێکی کۆمەڵایەتییە.
- یاساکانی ئەندامێتی: ئەو پێوەر و ڕێسایانەن کە دیاری دەکەن کێ سەر بە پۆلێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراوە، بۆ نموونە بۆ ئەوەی مرۆڤ بە پزیشک هەژمار بکرێت، دەبێت خوێندنی پزیشکی تەواو کردبێت و مۆڵەتی پزیشکی هەبێت، ئەوجا بە پزیشک پۆلێن دەکرێت.
- سیفەتە تایبەتمەندەکان یان ڕەفتارە چاوەڕوانکراوەکان: ئەمانە ئەو سیفەت، یان ڕەفتارانەن، کە بە شێوەیەکی گشتی پەیوەستن بە پۆلێکی کۆمەڵایەتی دیاریکراو، بۆنموونە چاوەڕوان دەکرێت پزیشکەکان زانیاری پزیشکییان هەبێت و هێلەک یان ڕۆبێکی سپی لەبەر بکەن و یارمەتی چارەسەرکردنی نەخۆشەکان بدەن.

یان (ب) تایبەتمەندی جیاکەرەوەی کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ شانازییەکی تایبەتی پێدەکات یان تێڕوانینەکانی وەک نەگۆڕ سەیر دەکات ، یان شوناس ئاماژەیە بۆ هەردووکیان، بەم مانایەی دوایی، "شوناس" بریتییە لە فۆرمولەکردنی مۆدێرن بۆ کەرامەت، شانازی، یان شەرەف کە بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ ئەمانە بە پۆلە کۆمەڵایەتییەکانەوە دەبەستێتەوە، بەم شێوەیەی خوارەوە:

- شوناس وەک شانازیەکی تایبەت: واتە کاتێک کەسێک کە هەست بەهێزی و شانازی یان ڕەزامەندی تەواو دەکات سەبارەت بەم تایبەتمەندییەکی خۆی یان دەستەو گروپەکەی(هەرچیەک بێت). بۆ نموونە ڕەنگە کەسێک هەست بە شانازی و بەهێزی بکات بە میراتگری بە کولتوورێکی دیاریکراوی نەتەوەکەی یان دەستکەوتەکانی لە بوارێکی دیاریکراوی تایبەتی خۆیدا.
- شوناس وەک تێڕوانینێکی نەگۆڕ: ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەو باوەڕەی کە ئەم تایبەتمەندیانە جێگیرن و ناتوانرێت بگۆڕدرێن. ئیتر لەبەر ئەوە بێت کە تایبەتمەندییەکی سروشتین، وەک ڕەگەز، یان لەبەر ئەوەی کەسەکە بە توندی لەگەڵیاندا ئاوێتە بووە.
- لە ڕووی کۆمەڵایەتییەوە دەرئەنجام: ئەمەش بەو مانایەیە کە ئەم تایبەتمەندیانە کاریگەرییان لەسەر ژیانی کۆمەڵایەتی کەسەکە و کارلێکەکانی هەیە. دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر چۆنیەتی هەستکردن و مامەڵەکردنی کەسانی دیکە لەگەڵ تاکەکەسەکە، هەروەها چۆن کەسەکە بەناو چوارچێوە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکاندا دەڕوات.

## 4 شوناس و گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

### 4.1 سروشت وکاریگەیەکانی گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان

گەندەڵی وەک هەر دیاردەیەکی تری سیاسی کۆمەڵایەتی مۆرکی تایبەت بە خۆی هەیە لە هەموو ناوچەیەک بە لە بەرچاوگرتنی جۆر و مۆرکە هاوبەش و گشتیەکان. هەرێمی کوردستان یش وەک هەرێمێکی دانپێدانراوی دەستوری سەر بە عێراق بەدەر لە سروشتە گشتیەکانی گەندەڵی لە عێراق و پاشانیس جیهان ، سروشت و جۆرەکانی گەندەڵی خۆی لە

فۆرمەکانی (هاوکاری، چاکەی خزمایەتی و دۆستایەتی، لاوازی حوکمرانی و منەت باری و قەرز...هتد). و ڕۆڵی چەسپاوی دووپارتی سیاسی خاوەن نفوز دەبینێتەوە. (Pring, 2015)

- **خزمایەتی و لایەنگری ( Nepotism and clientelism)**

دوو پارتی سیاسی سەرەکی پارتی دیموکراتی کوردستان و یەکێتی نیشتمانی کوردستان بە هۆی مێژوی شۆرشگێریان کاریگەرییەکی بەهێزیان لەسەر سیستەمی سیاسی لە هەرێمی کوردستان هەیە. ئەم باڵادەستیی و کاریگەریە دەتوانێت ببێتە هۆی یان بوتە هۆی خزمایەتی و لایەنگری.

ڕۆڵی بەهێزی ئەم دوو لایەنە سیاسییە لە سیستەمی حوکمڕانیدا مەترسییەکانی خزمایەتی و لایەنگری وەک فۆرمیکی گەندەڵی دروست دەکات لەسەر بنەمای پەیوەندی بە حزبی سیاسی، خزمایەتی خێڵەکی و/یان پەیوەندی خێزانییەوە ئەویش لە ڕێگەی کۆنترۆڵکردنی بەشێکی زۆری هێزە چەکدارەکان، دەزگای هەواڵگریەکان، بازرگانیە گەورەکان، دامەزراندن لە کەرتی گشتی، مووچە و وەبەرهێنان.. (Pring, 2015)

- **لاوازی حوکمڕانی و بەڕێوەبردنی گشتی لاواز(Weak governance public administration)**

لاوازی بیرۆکراسی لە هەرێمی کوردستان بەهۆی پرۆسەی هەڵبژاردنی ناستاندارد لە خزمەتگوزاری شارستانی، نەبوونی شەفافیەت لە کارەکانی بیرۆکراسی، نەبوونی تەکنەلۆژیای زانیاری و پەیوەندی (ICT) کارا بۆ تۆمارکردنی پەیوەندی و نەبوونی ڕاهێنانی فەرمانبەرانی حکومی ئەدای حوکمەتی خراپتر کردووە(UNDP U. N., 2012) .

دامەزراندنی کارمەند بۆ خزمەتگوزاری شارستانی لە حکومەتی هەرێم بە شێوەیەکی کەم لە ڕێگەی پرۆسەی هەڵبژاردنی شایستەییەوە دەبێت وەک لە ڕاپۆرتی نووسینگەی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ ماددە هۆشبەرەکان و تاوان، ئاماژەی پێکراوە کە نیوەی فەرمانبەرانی حکومی لە هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ڕێکارێکی هەڵبژاردنی جەوهەریی و دروستەوە دامەزراون.

هەروەها فەرمانبەرانی حکومی لە حکومەتی هەرێمی کوردستان زیاتر نارازین لە پرۆسەی دامەزراندنی کارمەندان لە چاو ئەو فەرمانبەرانەی لە بەغدا کاردەکەن (64% نارازین، بە بەراورد لەگەڵ 52.5% لە بەغدا). هەروەها ئاستی شەفافیەت زۆرکەمە. (UNDP U. N., 2012) ئەمە سەرەرای نارەزایەتی فەرمانبەران و بە تایبەتیش مامۆستایان لەسەر دواکەوتنی موچەو شایستە داراییەکانیان.

- **کاریگەری ئابووری(Economic Impact)**

هەروەها لە هەرێمی کوردستان وەکوو زۆربەی ئەو وڵاتانەی کە خاوەنی سامانی سروشتین و لەم ڕێگەوە پارە بەبێ هیچ ماندووبوونێک بەدەست دێت و لەژێر کۆنترۆڵی کەرتی حکوومیدایە،(لە هەرێمی کوردستان لەژێردەستی پارتی سیاسی و گروپی دەست رۆیشتودایە) جۆرێک ئاسانکاریی بۆ دیاردەی گەندەڵی دروست کردووە و، دەبێتە هۆکاری دروستبوونی ناسەقامگیریی ئابووری لە کەرتی گشتیدا لە ڕێگەی گۆڕینی وەبەرهێنان بۆ پرۆژەی بەکاربەر کە تیایاندا بەرتیل و پارەوەرگرتنی نارەوا لەم کەرتەدا زۆر زیاترە و هۆکارە بۆ کەمکردنەوەی جۆرایەتیی ژێرخان و خزمەتگوزارییە حکوومییەکان و بەرزکردنەوەی فشاری زیاتر لەسەر بودجەی حکوومەت (عارف, 2016).

بۆ نمونە حکومەتی هەرێمی کوردستان لەماوەی ساڵانی 2014 بۆ 2023 تـا راگرتنـی هەنـاردە: زیـاتر لە (ملیارێـک و 307 ملیۆن) بەرمیل نەوتی هەناردە کردووە، بە تێکڕای (56) دۆلار فرۆشراوە و کۆی داهـاتەکەی (68 ملیـار) دۆلار بـووە کە بە تێکرا زیاتر لە (38 ملیار) دۆلار کە دەکاتە (56%) چووە بۆ خەرجی پرۆسـکە بە گشـتی و (30ملیـار) دۆلاریـش کە دەکـاتە (44%) گەراوەتەوە بۆ خەزێنەی وەزارەتی دارایـی حکـومەتی هەرێـم . بەڵام لە کۆتـای سـالی 2023 قەرزە کەڵەکەبوەکـانی سەر حکومەت گەیشتۆتە(34 ملییار و 500 ملیۆن) دۆلار. کە ئەمەش بارگرانی بۆ سەر خەرجیەکانی حکومەتی چەنـد هێنـدە کردووەتەوە. (درەو, 2025)

پاش ئەوەی لە 25ی ئاداری 2023وە هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان لە رێگەی بەندەری جەیهانی تورکیاوە راگیراوە، ئەوەش دوای بڕیارێکی دەستەی نێوبژیوانیی پاریس لەسەر سکاڵایەکی عێراق دژی تورکیا. (RUDAW, 2023)

لەگەل ئەمەشدا هەندێکی تر لەو بوارانەی کە لاوازییەکان بەردەوامن و بوونەتە هـۆی لاوازی حـوکمرانی راسـتەقینە بـریتین لە:

1. نەبوونـی  داراییەکی دروستی کەرتی گشتی.

2. کەرتی تایبەتی نانەوتی گەشەنەکردوو و لاواز.

3. کەرتی بانکی ناکارامە  و دواکەوتوو.

4. لاوازی پێشکەشکردنی خزمەتگوزارییە گشتیەکانی بەردەوامەکان. (MERI, 2016)

**- سیستەمی دادوەری (Judicial System)**

سیستەمی دادوەریش یەکێکی ترە لە دەرخەرەکانی سروشتی گەندەڵی لە هەرێمـی کوردسـتان. لەگەل ئەوەی  حکـوومەتە یەک لە دوای یەکەکانی هەرێمی کوردستان لە دوای ساڵی 2005وە  بە ئاشـکرا بەڵێنیـان داوە لە هەمـوو ئاسـتەکاندا دژی گەنـدەڵی بوەستنەوە- ئەمەش دانپێدانانی ڕوونـی بـوونی  گەنـدەڵییە- و هەروەهـا بـوونی  پرۆگرامـی چـاودێریی دادگاییکردنەکـان  بـۆ "دۆسیە گەورە کانی گەندەڵی  لە لایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکان". (UNDP, 2024)  بەڵام دادگا و دادوەرەکان بەتەواوەتی ناتوانن ڕۆڵی یاسای و ئاسای خۆیان بگێرن بەرامبەر کەیسەکانی گەندەڵی و بەرەنگاربوونەوەیان و جێبەجێکردنی یاسـاکان و چەسپاندنی سەروەری یاسا.  ئەویش بە شێکی بە هـۆی نەبـوونی دادگـایەکی ناوەنـدیی و تایبەتمەنـد کە دەسـەڵاتی دادوەریـی تایبەتی هەبێت بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ دۆسیە  گەورەکانی گەندەڵی. (UNDP, 2024).

هەروەها لە لایەکی ترەوە جێبەجێکردنی یاساکانی دژە گەندەڵی و تاوانەکانی گەندەڵی و بـڕگە کارپێکراوەکـان بەشـێوەیەکە کە سنووردارییەکی بەرچاو لە پیـادەکردنی یاسـاکانی دژە گەنـدەڵی لە هەرێمـی کوردسـتاندا بەدی دەکرێـت، چـونکە زۆرێـک لە کەیسەکانی گەندەڵی، بە خراپ بەکارهێنانی دەسەڵاتی گشـتی ئەنقەسـت (مـاددەی  340)، دزیـن (ماددەکـانی 315و316 ) و بەرتیل (ماددەی  307)  لە یاسای سزادانی ساڵی 1969بەدواداچوونی یاساییان بـۆ دەکرێـت. ئەمە بەکارهێنـانی سـنووورداری تاوانەکانی تری گەندەڵی دەردەخات کە لە یاسای کۆمیسیۆنی دەسـتپاکی سـاڵی 2011و هەموارکراوەکانیـدا پێناسـە کـراون ،و کەمترین ڕووماڵی تاوانەکانی وەک شاردنەوەی تاوان، بازرگانیکردن بە کاریگەریی بەرپرسان و بەرتیلدانی کەرتـی تـایبەت

دەکات. ئەمانەش بەشێکی زۆریان بە هۆی نفوزی سیاسی ئەو کەسانەیە کە کەیسی گەورەی گەندەڵیان هەیە کە بۆ بەکارهێنانی نادروستی دەسەلاتی دادوەری و بە بی سزا یان سزایەکی کەمتر لە دۆسیەکانینن رزگاریان دەبێت.

هەروەها نەبوونی پەیوندی توند و تۆل لە نێوان قەوارە دادوەری و نادادوەرییەکاندا و ناکارایی داواکاری گشتی و درێژکردنەوەی ماوەی دادبینی و دادگایەکان، و نەبوونی یان لاوازی چاودێری مەدەنی و دام و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنیش بە شدارن لە لاوازکردنی روبەروبوونەوەی دۆسیەکانی گەندەڵی و گەندڵکاران. (امیدی، 2010)

هەروەک فەرمان ڕەشاد بەڕێوەبەری پرۆژەی چاودێریکردنی کارەکانی حکومەت لە ڕێکخراوی ستۆپ لە لێدوانێکیدا بە دەنگی ئەمەریکای ڕاگەیاند،" نا عەدالەتی لە مامەڵە کردن لەگەڵ کەیسەکاندا هەیە و دادگاکان کاریان لەسەر ناکات و بگرە دەستێوەردان هەیە، ئەوەش وایکردووە کە گەندەڵی لە کوردستان کەم نەبێتەوە ". (شارپرێس, 2023)

هەروەها وتیشی ، "بەداخەوە ئەو کەیسانەی دەگەنە دادگاکان ماوەیەکی زۆریان پێدەچێت تا یەکلا دەبنەوە و بەشێکی زۆریشیان بەر لێبوردن دەکەون، واتا سزاکەیان بەسەردا جێبەجێ ناکرێت ئەوانەش لەپلە تایبەتەکانن، بەداخەوە نەمان بینی بەڕێوەبەرێکی گشتی بۆ سەرەوە سزا وەبگرێت هەموویان فەرمانبەری ئاسایین".

**4.2 شوناسی نەتەوەیی و شوناسی کوردی**

شوناسی نەتەوەیی لە گەڵ لە دایک بوونی چەمکی نەتەوە بە مانا ئەمڕۆ هاتە ئاراوە. شوناسی نەتەوەیی، دیاردەیەکی مۆدێرنە کە لەسەر گریمانەی هەبوونی بزاوتێکی ناسیۆنالیستی و هۆشیاری نەتەوەیی دامەزراوە. دوای سەرهەڵدانی ناسیۆنالیزم، شوناسەکان بە قەبارەی نەتەوەیی پێناسە دەکرێن. کەواتە بۆ بەدیهاتنی شوناسی نەتەوەیی، دەبێ ئەندامانی نەتەوەیەک خۆیان بە دامەزرێنەرانی نەتەوە و دواتر شوناسێکی هاوبەش بزانن.

(ئیرنێست رینان گوتەنی)، شوناسی نەتەوەیی، لەسەر بنەمای نیشتمانی هاوبەش، زمان و کولتووری هاوبەش، ئایینی هاوبەش، مێژووی هاوبەش، ویستی هاوبەش و پرەنسیپی سیاسی و یاسایی هاوبەش پێناسە دەکرێت. بەڵام هەروا کە شوناسە نەتەوەییەکانی وەڵاتانی فرەکەلتوور یان نەتەوە بێدەوڵەتەکان نیشانی داوە، هیچکام لەم تایبەتمەندییانە ماکی دانەبڕاوی شوناسی نەتەوەیی نین. کەواتە شوناسی نەتەوەیی دیاردەیەکی فرەڕەهەندە. جیاواز لەمەش، دەکرێ شوناسی نەتەوەیی لە ڕوانگەی مەدەنی یا ئەتنیکی، پێناسە بکرێت. کاتێک پێوانەکانی ئەندامیەتی - لە شوناسێکدا - مەدەنی بێت، نەتەوایەتی لەگەڵ شارۆمەندیدا هاوواتا دەبن و لە ڕاستیدا شوناس دەبێتە پرەنسیپێکی سیاسی و یاسایی. شوناسی نەتەوەیی بە پێناسەیەکی مەدەنی، بۆی هەیە ئەندامی نوێ - کە سەر بە کەلتوور یا ئەتنیکێکی دیکە بێت - وەربگرێت و لە خۆیدا جێی بکاتەوە. کەواتە کەسێکی ئەمریکایی دەتوانێ ببێتە فەرەنسی یا ئینگلیزی چونکە سنوورەکانی شوناسی نەتەوەیی تا ڕادەیەک کراوەیە و هەرکەسێک بۆی هەیە ڕەگەزنامەی خۆی هەڵبژێرێت. بەڵام بە پێچەوانەوە کاتێک پێوانەکان تەنیا ئەندامیەتی بێت، نەتەوایەتی تەنیا بریتی دەبێ لە مافی شوێنی لەدایکبوون کە ئەویش شتێکی نەگۆڕە. لەم دۆخەدا ئیدی ئاخاوتن بە زمانی زگماکی یا وەدەستهێنانی مافی شارۆمەندی نابێتە ئاریشە، بەڵکوو هەموو ئەو کەسانەی کە نەتەوە پێک دەهێنن بنەما سەرەکییەکانی شوناسی خۆیان لەم ئەندامەتییەوە دەستەبەر دەکەن. (شەبانی, 2010).

کاتێک دەڵێین شوناسی نەتەوەیی هەستی هاوپەیوەندی تاکە بەرامبەر بە نەتەوەیەک یان دەسەڵاتێک. ئێمەی کورد کە دەسەڵات ودەوڵەتێکی نەتەوەییمان نیە، هەست وهەوڵدان بۆ دامەزراندنی دەوڵەتێکی نەتەوەیی بووە بە بەشێکی گرنگ لەشوناسی نەتەوەییمان و بووە بە ئەرکێ لەسەر شانی ناسیۆنالیزمی کورد، ناسیۆناڵیزم وەک هەست ودەروەستی بەرامبەر نەتەوەیەک. هەڵبەت ناسیۆناڵیزم و هەستی نەتەوەیی لانی کەم لەم سەدەیەی دواییدا هۆکارێکی گرنگی مانەوەی کورد بووە، بەڵام ئەم هەستی هاوپەیوەندی وتێگەیشتنە چۆن دروست ئەبێ؟ شوناسی نەتەوەیی ئەتوانێت ئەنجامی راستەوخۆی بوون و بەشداری کۆمەڵێک سەرچاوەو توخمی هاوبەش بێت لەژیانی رۆژانەی خەڵکدا، بۆ نموونە هێماو رەمزەنەتەوەییەکان، زمان، مێژوو، وشیاری وسامانی نەتەوەیی. (سەیدی, 2019)

هەرکات لەکۆمەڵگایەکدا هاووڵاتیان لەکاتی خۆیدا باجیان دا بە حکوومەت، فەرمانبەران بۆ نموونە هەشت کاتژمێر کاری بەسوودیان ئەنجامدا، و حکوومەت پاداشتی هاوڵاتیەکانی لە کاتی خۆیدا کرد، و لەنوێژی هەینی دا دۆعا بۆ سەرکەوتنی نەتەوەونیشتمان و ئابووری و.... کراو خەڵک ژینگەیان بەباشی پاراست و خۆش ویست، ئەوا ئەکرێ بوترێ لەوکۆمەڵگایەدا بە شێوەیەکی وشیارانە و تارادەیەک شوناسی نەتەوەیی وئینتیمای نیشتیمانی لەئاستێکی بەرزدایە. ئینتیمای نیشتیمانی و شوناسی نەتەوەیی ئەبێتە هۆی ئەوەی کە هاووڵاتیان بەرامبەر بەنەتەوە و حکوومەت ودامەزراوە نیشتیمانییەکان هەست بە بەرپرسیاریەتی و دەروەستی بکاو وشیارانە بۆگەیشتن بە ماف و ئامانجەکان تێبکۆشێ.

### 5. هەڵسەنگاندن و دەرەنجام


لەم بەشەدا کفتوگۆ و هەڵسەنگاندن بۆ ئەنجامی راپرسی توێژینەوەکەمان دەکەین لە دوو تەوەردا بۆ گەیشتن بە ئامانجی توێژینەوەکەمان.

### 5.1 تێگەیشتن لە شوناس و شونای نەتەوەیی کوردی لە هەرێمی کوردستان.

لە دوای بەشی پرسیاری دیموگرافیا یەکەمین پرسیارمان بۆ بەشداربووەکان دەربارەی شوناسی یان ناسنامەی کوردییە کە چی دەگەیەنێت وەک ئەوەی لە هێلکاری (1) بەدیاردەکەوێت کە بژاردەی سەرکردەی سیاسی لەناو بژاردەکان کەمترین رێژەیە کە ئەمەش ئەوەمان نیشان دەدات هاوڵاتیان بەشێوەیەک لە شێوەکان گرفتیان لەگەڵ رەمز و سەرکردە سیاسیەکان هەیە گەر بەرپرسی سەرەکیشی نەزانن وەک لە بەشەکانی داهاتوو باسیان دەکەین. کە پێدەچێت هەستکردن بە گەندەڵی لەناو سەرکردایەتی کورد، کاریگەرییەکی نەرێنی لەسەر شوناس دانابێت بەجۆرێک تێڕوانینکی پێکەوەگرێدانی حوکمڕانی و نوێنەرایەتی کولتووری ببەخشێت. هەرچەندە لە 58.7% جیایان نەکردۆتەوە، یان خستویانەتە پاڵ بژاردەکانی تر.

sjh@univsul.edu.iq

**هێڵکاری ژمارە 1: رای بەشداربووان لەسەر پێکهێنەرانی ناسنامەی کوردی**





### 5.2 هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی هاوڵاتیان و ئەکادیمییەکان لەسەر رێژەی متمانەیان بە دەزگاکانی هەرێمی کوردستان و ئەدای حکومەت.

لێرەدا ئەو پرسیارەمان کردووە وەک پێودانگێک بۆ ئەوەی بزانین کە هاوڵاتیان تاچەند لە ئەدای دام ودەزگاکان رازین، لێرەوە دەتوانیت بزانین کە حوکمڕانی چۆن کاریگەری لەسەر شوناسی نەتەوەیی کورد هەیە. لە رێگەی شەفافیەتەوە، کە هەرکات شەفافیەت زیاد بکات دەبێتە هۆی زیادکردنی متمانەی هاوڵاتیان بە حوکمڕانی و هەستی شانازی نیشتمانی و یەکریزی لەناو شوناسی نەتەوەیەی زیاد دەکات .

بەڵام ئەوەی کە لە هێڵکاری ژمارە 2 دەیبینین بریتیە لە دەرخەری ئەو ڕاستییەی کە هاولاتیان لە کارایی حکومەت و ئاستی شەفافیەت زۆر ناڕازین و ئەمەش واتای لاوازبوونی هەستی وەلائی متمانەیان بۆ دام و دەزگاکانی حکومەت. لە کاتێکدا حوکمڕانی شەفاف یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی و هاودەنگی زیاتر لە نێوان هاوڵاتیان دروست دەکات، و یارمەتیدەرە بۆ بەهێزکردنی ناسنامەیەکی هاوبەش.


لە لایەکی ترەوە کاریگەری دەبێت لەسەر تێروانینی خەڵک بۆ حکومرانی کوردی(حکومەتی هەرێم ) کە وەک مۆدیلی باڵا چاوی لێناکرێت وا دەردەکەوێت کە ناتوانرێت بۆ مافی خۆبەڕێوەبەری فراوانتر پشی پێببەسترێت.

**هێڵککاری ژمارە 2: رای بەشداربووان لەسەر شەفافیەت و کارایی حکومەتی هەرێم**




هەر لەمیانەی پرسیارێکی تر لەسەر لێپرسینەوە لە دوای شەفافیەت بەشێکی زۆری بەشداربووان پێیان وایە کە لێپرسینەوە بەهیچ شێوەیەک نیە لەگەڵ بەرپرسان، بە ڕێژەی 75.2% و لە % 18.3 تریش دەڵێن لێپرسینەوە نیە کە دەکاتی 95% وەک لە هێڵکاری ژمارە 3 دا بەدیار دەکەوێت.

**هێڵککاری ژمارە 3: رای بەشداربووان لەسەر لێپرسینەوەی بەرپرسان**





کاتێک شەفافیەت لەوپەری خراپیدابێت و لێپرسینەوە نەکرێت ئەو کات ، گەندەڵی و بێهیوایی لای هاولاتیان بەرهەم دەهێنێت، و بە ئەگەرێکی زۆریشەوە پەیوەستیان بە شوناسی نەتەوەیی لاواز دەکات و بێمتمانەیان بەرامبەر دامەزراوەکان زیاتر دەکات. و ڕێژەی بەشداری هاولاتیان و بەتایبەت گەنجان کەمتردەکات.

لە پرسیارێکی تردا کە، " تاچەند متمانەت بە توانای دەسەڵاتی دادوەری هەیە بۆ چەسپاندنی دادپەروەری و دادگەری بێلایەن؟" ئامانج لێی بریتیە لە هەڵسەنگاندنی متمانەی گشتی بە سیستەمی دادوەری. لە ڕێگەی ئەم پرسیارەوە دەمانەوێت لە

تێڕوانینی بەشداربووان تێبگەین کە ئایا دەسەڵاتی دادوەری دادپەروەرە و بێلایەنە و توانای گەیاندنی دادپەروەری هەیە بەبێ کاریگەری دەرەکی یان گەندەڵی.

کە زۆرێک لە بەشداروان کە لە 56% وەلامیان نەرێنیە و پێیان وایە دەسەلاتی دادوەری بەهیچ شێوەیەک جێگەی متمانەی ئەوان نییە، وەک لە هێلکاری 4 دا بەدیاردەکەوێت. ئەمەش واتای ئەوەی کە دادگاکان سەربەخۆنین لە دادبینی و بریارەکانیاندا، بەمەش متمانەیان بە یەکێک لە گرنگترین دەسەلاتەکان و دەزگاکانی هەرێمی کوردستان نیە کە دەسەلاتی دادوەرییە، ئەمەش وایی کردووە زۆرجار کە بۆ یەکلاکردنەوەی دۆسیەیەک، پەنابرێت بۆ دادگاکانی حکومەتی فیدراڵی لەگەڵ بوونی تێبینی زۆر لەسەر کاری ئەو دادگایانەش. کاتێک هاولاتی هەست بەبوونی گەندەڵی و نەبوونی شەفافیەت دەکات دەیەوێت پەنا ببات بۆ دادگا، بەڵام گەر دادگا جێگەی متمانەی نەبوو، ئەمە وادەکات ناچاربکرێت بە، کۆچ یان سەرکزیەکی ئەوتۆ کە هەستی وابەستەیی بە شوناس و کلتوری خۆیەوە تا ئاستی نەمان لاواز دەکات.

**هێڵککاری ژمارە 4: ئاستی متمانەی بەشداربووان بە دەسەڵاتی دادوەری**





هەر لەسەر متمانە لە پرسیارێکی تردا دەربارەی متمانەیان بە خزمەتگوزارییە گشتیبەکان، زۆربەی بەشداربووان یان متمانەیان نیە یان متمانەیەکی کەمیان بە خزمەتگوزارییە گشتیبەکان هەیە کە رێژەی 36.7% و % 41.3 ە وەک ئەوەی لە هێلکاری ژمارە 5 دا بەدیاردەکەوێت.

sjh@univsul.edu.iq


SJH p-ISSN: 1813-0852, e-ISSN: 2617-3034

**هێڵککاری ژمارە 5: ئاستی متمانەی بەشداربووان بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان**





هەروەها لە پرسیارێکی تر لەسەر ئاستی دەستڕاگەیشتن بە سەرچاوە و خزمەتگوزارییە گشتیەکان، زۆربەی بەشداربووان کە لە % 47.7 وە پێیان وایە خراپە و لە 31.2% دەڵێن زۆر خراپە کە بەکۆی گشتی دەکاتە 78.9% کەئەمەش ئاستیکی زۆر حراپە. وەک ئەوەی لە هێلکاری 6 دا بەدیاردەکەوێت.

**هێڵککاری ژمارە 6: ڕێژەی دەستڕاگەیشتن بە خزمەتگوزارییە گشتیەکان**





بەشداربووان تەنانەت بروایان بە ئەو زانیاریانە نیە یان کەمە کە لەلایەن دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆییەوە پێشکەش دەکرێن، چونکە میدیای سەربەخۆ لە هەرێمی کوردستان کەمە یان هەرنیە، واتە لە ئیستادا لەکوردستان ڕاگەیاندنێکی نیشتمانی بوونی نیە کە پەیرەوی سیاسەتێکی نیشتمانی بکات (اسکندر, 2020) وەک ڕوخسار و نمایندەی ڕاستەقینەی هەرێمی کوردستان لە دەرەوە و ناوەوە، بەڵکو خەلک ئەم دەزگایانە بەدرێژکراوەی پارتە سیاسی و دەسەلاتدارەکانی هەرێمی کوردستان دەبینێت. بروانە هێلکاری ژمارە 7.

**هێڵککاری ژمارە 7: ئاستی متمانە بە دەزگاکانی ڕاگەیاندنی ناوخۆیی**




لە پرسیارێکی تر دەربارەی ئاستی بەشداری هاولاتیان و بەشداربووان لە چالاکییەکانی کۆمەڵگا و پرۆسەی بڕیاردان لە شارەکانی خۆیان بە تایبەتی و هەرێمی کوردستان بە گشتی، لە 58.7% دەڵێن بە هیچ شێوەیەک بەشدار نین و لە 28.4 % بـژاردەی کەمێـک بەژداریـان هەڵبـژاردووە کە ئەمەش دەرخەری ئەو ڕاسـتیە یە کە هاوڵاتیـان بەشـدار نـین یـان هەسـتی بەشداریان نییە لە پرۆسەی بڕیاردان و ئەمەش وادەکات هەستی وابەستەییان بۆ دام و دەزگا و کۆمەڵگا و هەرێمی کوردستان لاوازبێت. هەر وەک هەموو ڕێژەکان لە هێلکاری ژمارە 8 دیارن.

**هێڵککاری ژمارە 8: بەشداری هاولاتیان و بەشداربووان لە چالاکییەکانی کۆمەڵگا و پرۆسەی بڕیاردان**





## 5.3 هەڵسەنگاندنی هەڵوێستی هاوڵاتیـان و ئەکادیمییەکـان لەسـەر کـاریگەری گەنـدەڵی و ئامرازەکـانی لەسـەر شوناسـی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی کوردستان.

بۆ ئەوەی بزانین کە کاریگەری ئەو زانراوانەی سەرەوە ( گەندەڵی و نەبوونی متمانەدا)، لەسەر شوناسی نەتەوەی چیە، چەند پرسیارێکمان ئاراستەی بەشداربووان کردووە کە لە یەکەمین پرسیاردا دەمانەوێت هەڵسەنگاندن بکەین بۆ کاریگەری

ژینگەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان لەسەر پاراستن و بەرەوپێشبردنی کولتوور و شوناسی کوردی؟ کە وەلامی بەشداربووان وەک لە هێلکاری ژمارە 9 دا بەروونی دیارە لە % 88.1 یان کە زۆرینەی بەشداربووانە، پێیان وایە کە کاریگەری نەرێنیە و هەندێکیشیان نازانن کە ئەرێنیە یان نا و کەمینەیەک دەڵێن ئەرێنیە.


**هێڵککاری ژمارە 9: کاریگەری ژینگەی سیاسیی ئێستای هەرێمی کوردستان لەسەر پاراستن و بەرەوپێشبردنی کولتوور و شوناسی کوردی**




کە ئەمەش لە بوونی گەندەڵی و نەبوونی شەفیەت ومتمانەی هاولاتیانەوە سەرچاوەی گرتووە.

هەرچی دەربارەی کاریگەری سەرکردەکانی کوردە لەسەر یەکگرتوویی و یەکدەنگی کۆمەڵگەی کوردستان، لە 89% ی بەشداربووان( بڕوانە هێلکاری ژمارە 10) پێیان وایە کە کردەی سەرکردە سیاسەکانی کوردستان کاریگەری نەرێنیان لەسەر یەکگرتووی و یەکدەنگی کۆمەڵگەی کوردستان هەیە کە پایە و کۆڵەکەیەکی بنەڕەی شواناسی نەتەوەیەن ، ئەمەش لە میانەی هەڵویستی سیاسی و تێوەگلان لە گەندەڵی و نابەرپرسی ئەوانەوە سەرچاوەی گرتووە.

**هێڵککاری ژمارە 10: کاریگەری سەرکردەکانی کوردە لەسەر یەکگرتوویی و یەکدەنگی کۆمەڵگەی کوردستان**




لە پرسیارێکی تردا کە ئایا پێت وایە سودمەند بوویت لە بەرهەمهێنانی نەوت لە هەرێمی کوردستان؟ کە نەوت وەک سەروەتێکی نیشتمانی و سەرچاوەی خۆشگوزەرانیە لەو ولاتانەی کە گەندەلی لە سێکتەری نەوت نیە یان کەمە، بەڵام بەشداربووان زۆرینەیان وەلامیان بە سودمەند نەبوونە کە % 95.4 و لە پرسیاری ئەوەی بۆچی؟ زۆرینەیان دەڵێن کە 85.1% بەشداربووانە بە هی خۆیانی نازانن، ئەویش بە هۆی ئەوەی لای زۆرینەیان دۆسیەی نەوت شەفاف و ڕون نیە و کە 55.1% یان لە41.8% دەڵێن لەگەل ئەوەی شەفاف نیە کوردیش خاوەنداریەتی دەکات(واتا ئەوەی کورد خاوەنداریەتی بکات بە هی خۆمی نازانم) کە ئەمەش خراپترین ئاستی نامۆبوونە لە شوناسی نەتەوەیی خۆت.

کە بە هۆی گەندەڵی زۆر لە دۆسیەی گەندەڵی و نەبوونی بەدجە بۆ داهاتەکەی ئەم بیر و ڕایە گەڵالەبووە

هەروەک بەگوێرەی ئەنجامی ڕاپرسیەکی ڕێکخراوی سۆپ بەهۆی نەبوونی پرۆژەی بوجە، ناڕوونی لە داهات و خەرجیەکانی هەرێمی کوردستان لەماوەی 9 ساڵی ڕابردوو گەندەڵی زیاتر بووە. کە پرسیار لە هاولاتیان کراوە، ئایا متمانەت بەو داتا و زانیاریانە هەیە کە حکومەت لەبارەی داهاتەکانی (نەوت، ناوخۆ، خاڵە سنوریەکان) بڵاویدەکاتەوە؟ لە کۆی بەشداربووانی ڕاپرسیەکە 77.7% بە نەخێر وەڵامداوەتەوە، باوەڕی بەو داتایانە نییە) .ستۆپ, 2022(

لە پرسیاری نۆزدەهەمین کە دەپرسین ئایا بە بۆچوونی تۆ , گەندەڵی چۆن کاریگەری لەسەر تێڕوانینی هاولاتیان بۆ ناسنامەی کوردی هەبووە؟ بەشداربووان بەم جۆرە وەڵامیان داوەتەوە کە لێرە چەند نمونەیەکیان دەخەینە ڕوو:

- "کەمکردنەوەی متمانە بە مێژوو، رەمزو درووشم و پرس و داخووازییە نەتەوەییەکان، بە بچووکبینینی دەستکەوتەکان و خۆ بەخاوەن نەکردنیان، تێکەڵاکردنی قەوارەی هەرێم وحکومەت لەگەڵ پارتە سیاسیە دەسترۆیشتووەکان"
- " وا لە هاولاتیان دەکات شانازی بە کورد بوونیانە وە نەکەن"
- "ناخی وهەستی تاکی کوردی تێکشاندووە..بەجۆرێک نەوەیەک دروست دەبێ کلتووری بێگانەی لا پەسەند ترە"
- بێبەریبوون لە کوردبوون پەشیمانبوونەوە لەهەموو خەباتێک کە کراوە و ڕازیبوون بەحوکمی غەیرە جگە لەکورد بەس تەنها ژیانێکی شایستەی هەبێت لەرووی ئابورییەوە

- It has a significant impact on people's perspectives and encourages them to adopt a mindset of skepticism and distrust toward everything around them. They may come to hate and feel shame about their identity.
- هەستکردنی تاکی کوردبە جیاوازیکردن لە ڕووی داهات، سەروەری یاسا، گزیکردن لەهەڵبژاردن، درۆکردن لەگەڵ خەڵکی، جیاوازی لەشێوازی ژیان لەهەموو ڕووەکانەوە بووەتە هۆکار کە تاکی کورد ناسنامەی نەتەوەیی بەلاوە گرنگ نەبێت، چونکە گەندەڵکاران لە کوردن و بەرپرسن لەخراپی دۆزی خەڵکی، ئەمەش ڕەنگدانەوەی نەرێنی لەسەر هەست و شعوری خەڵک کردووە بەرانبەر بە ناسنامەی نەتەوەیی.
- گەندەڵی سەرکردەکانی خەباتی دوێنێ و گەندەڵکاری ئەمڕۆ هۆکاری سەرەکی بوون بۆ دروست بوونی بێ متمانەی
- کاریگەری نەرینی هەبووە ، بۆتە هۆی پەرتەواز بوونی کوردو نەمانی ئینتمای نیشتمانی ونەتەوەی و نەمانی گوتاری یەکگرتو، جیاوازی لەپێناسەی شوناسی نەتەوەی کورد
- گەندەڵی هۆکارە بۆ نەمانی شەرعیەت و متمانە بە دەسەڵات ، گەندەڵی ئەنجامی پابەندنەبوونە بە مەشروعیەت لە لایەن دەسەڵاتەوە ، هاوڵاتیان لە دەستگرتن بە کەرەستەکانی شوناسەوەو پەرەپێدانی سارد دەکاتەوە ، دەبێتە هۆی هەژارکردنی زۆرە ملێی هاوڵاتی و بە مەش پەرچەکرداری نا لۆجیکی لێدەکەوێتەوە تەنانەت بەرامبەر خودی خۆی و سەرجەم ڕەگەزەکانی شوناسی نەتەوەییشەوە ، هەستی بەراوردکرنی دۆخی نالەباری خۆی بە بەراورد لەگەڵ هاوڵاتی عەرەبی عێراق کە سەرباری گەندەڵی ،بەڵام مووچەو بوونی بازاڕ و کاسبیکردن بوونی هەیە.
- گەندەڵی لە هەرێمی کوردستانی بە شیوەیەکی ڕاستەوخۆ کاریگەری هەیە لە سەر لاواز بوونی ئینتیمای هاوڵاتی و لا مبالاتی سیاسی، کۆمەڵایەتی و کەلتووری ئەمەش وایکردووە هاوڵاتی زۆربەی ئەو ڕەگەزانەی ناسنامەی نەتەوەیی پێکدێنن وەک شتێکی زۆر سادە بیانبینێت و لای گرنگ نەبێت.

هەموو ئەو وەڵامانەی سەرەوە دەقی هەڵبژێردراوی وەلامی بەشداربووانە لە نێوان 84 وەڵامدا، کە زۆرینەی رەهایان بەڕوونی ئاماژەیان بە کاریگەری نەرێنی گەندەڵی کردووە لەسەر شوناسی نەتەوەی کورد لە هەرێمی کوردستان .

هەرچی کۆتا پرسیارە کە دەپرسین چ گۆڕانکارییەک، ئەگەر بکرێت، پێتوایە بۆ پاراستن و بەرەوپێشبردنی ناسنامەی کورد لە (چوارچێوەی گەندەڵیدا) پێویستە؟

لێرەدا کۆمەڵێک وەڵامی نمونەیی هەڵدەبژێرین لەوانەش:

- بوونی بەرنامەیەکی نیشتیمانی ڕاستەقینە بۆ چاکسازی کە هاوڵاتی هەستی پێبکات ورەنگدانەوەی بەسەرژیانییەوە هەبێت.
- بێ ئومێدم هیچ هیوایەک نییە.
- گورانکاری ریشەیی لە سیستەمی سیاسی وئیداری هەرێمی کوردستان...ئەویش تەنها بە شورشێکی گشتگیر دەکرێ.

- We require a government centered on social justice, ensuring everyone feels included. Thus, the key to rebuilding and preserving Kurdish identity lies in a new social contract founded on social justice.
- دادگا سەربەخۆ بێت، گەندەڵکاران بدرێنە دادگا، قۆرخکاران ڕێگریان لێ بکرێت شەفافیەت هەبێت یەکسانی دادپەروەری بۆ هەموو تاکێکی کورد دەستەبەر بکرێت ئەوکات هەموو پرسیارو وەڵامەکانمان هەڵئەگەڕێتەوە.
- گەندەلەکان لەسێدارە بدرێن ئەوا ناسنامەی کوردی بەرەوپێش دەچێت
- شەفافیەت لە داهات و خەرجیەکاندا، بەرجەستەکردنی دادپەروەری و یەکسانی لە هەموو سەکتەرەکان دا، سەربەخۆی دادگاکان ، بە هێزکردنی تواناکانی گەنجان و رەخساندنی هەلی کاری وەک یەک بۆیان، بەرجەستەکردنی یەکسانی نێوان ژن وپیاو.
- چاکسازی بەکەسانی گەندەڵ ناکرێ، پێویستی بە گۆرانکاری دەسەڵات هەیە
- بەگژداچوونەوەی گەندەڵی لە سەر هەموو ئاستەکاندا ،نێوخۆیی و نێودەوڵەتی . چالاککردنی ڕۆڵی تاک و ڕێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی ، بەهاوکاری ڕێکخراوەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ئاژانسە تایبەتمەندەکانی جیهانی و هەرێمیی . بەردەوامبوون لەسەر چالاکی هەمەجۆر کە خزمەت بە پەرەی شوناشی نەتەوەیی ...و ...هتد.
- دادپەروەری کۆمەڵایەتی گرنگە تا ناسنامەی کوردی پارێزراو بێت.
- چاکسازی و دابەشکردنی داهات بەشێوەیەکی دادپەروەرانە

هەموو ئەمانە لە نێوان 79 وەڵامدان بۆ ئەوەی چ بکرێت تا شوناس پارێزراوبێت، ئەوەی تێبینی دەکرێت، رای زۆر رادیکاڵ لە نیوان وەڵامەکاندا هەیە، بە جۆرێک نائومێد بووە لە چاکسازی، و دەست دەبات بۆ بژاردەی گۆرانکاریی ریشەی و شۆرش، کەنازانرێت ئەمانەش شونای کوردی بە کوێ دەگەیەنن.

### 5.4 دەرەنجام

لە ڕێگەی گەندەڵی و کاریگەرییە هەستپێکراوەکانی لەسەر شوناسی نەتەوەیی لە هەرێمی کوردستان و دواتریش شیکاری بۆ داتاکانی ڕاپرسی و دەستنیشانکردنی پەیوەندییەکانی نێوان گەندەڵی و شوناسی نەتەوەیی دەتوانین بڵێن کە :

1- گەندەڵی لە هەرێمی کوردستان شاراوە نیە بەجۆرێک سەرکردەکان دانی پێدادەنێن و هاوڵاتیان ڕۆژانە کارلێک و بەرکەوتنیان هەیە لەگەڵ گەندەڵی و دەرهاویشتەکانی، هەروەها لەسەر نەخشەی جیهانی هەرێمی کوردستان وەک بەشێک لە عێراقی فیدراڵ پشکی شێری بەردەکەوێت.

2- شوناسی نەتەوەیی کورد وەک هەموو شوناسێکی تری نەتەوەیی و کۆمەڵ تایبەت مەندی خۆی هەیە لە زمان، و ئاڵا و جل و بەرگ و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان و هەتا دوایی. کە پێی دەناسرێت و هەم جیادەکرێتەوە.

3- گەندەڵی کاریگەری زۆر خراپی داناوە لەسەر متمانەی هاوڵاتیان و ئەدای حکومەت و دام و دەزگانی، هەروەها پرۆسەی دادوەری و دادبینی و شەفافیەت و لێپرسینەوە، کە هەموو ئەمانەش ڕەنگدانەوەی خراپی لەسەر وێنای شوناسی نەتەوەیی کورد لە هەرێمی کوردستان داناوە و بەشێوەیەک زۆرجار ئەم دام و دەزگا تۆمەتبارانە بەگەندەڵی نمایندەی شوناسیان کردووە لە چاوی هاوڵاتیانەوە ئەمەش وایکردووە وەلائیی هاولاتیان بۆ شوناس لە نمایندەیی ئەوانەوە کەم ولاواز بێ بایەخ دەربکەوێت.

4- لە راپرسی ئەم تویژینەوەیەدا راستیەک دەردەکەوێت کە رێژەی هاولاتیانی نارازی و تورە، لە ئاستێکی زۆر بەرزدان، بە شێوەیەک دەتوانرێت بەروونی نمونەی ئەم توێژینەوەیە جێبەجێبکرێت بەسەر کۆی دانیشتوان.

5- هاولاتیان پێیان وایە کە کاریگەری راستەوخۆ و نەشاراوەی گەندەڵی لەسەر شوناسی نەتەوەیی زیانێکی زۆری بە پایەکانی شوناسی کوردی گەیاندووە، بەجۆرێک چاکسازی تێدا کارێکی قورسە و پێوستی بە گۆڕانی ریشەیی هەیە.

**6-** بەرەنگاربوونەوەی گەندەڵی و گەڕاندنەوەی باوەڕ متمانە بە دامەزراوەکانی گشتی و شەفافیەت لە داهات و خەرجی و چەسپاندنی داپەروەری کۆمەڵایەتی یارمەتیدەرێکی باش دەبێت بۆ بوژاندنەوەی شوناسی کوردلە هەرێمی کوردستان و پاراستنی.

## 6. سەرچاوەکان


Adam Graycar. (2020). *Handbook on Corruption, Ethics and Integrity in Public Administration*. Edward Elgar Publishing Limited.

Alan Bryman, Emma Bell. (2015). *Business research methods*. Oxford: Oxford University Press.

ARVIND K. JAIN. (2011). *CORRUPTION*. Munich: Center for Economic Studies .

Coralie Pring. (2015). *Kurdistan Region of Iraq: Overview of corruption*. Bergen, Norway: The U4 Anti-Corruption Resource Centre.

James D. Fearon. (1999). *WHAT IS IDENTITY*. Stanford.

Keith Calayag. (30 3, 2022). *Saddam Hussein's Net Worth Before Death Was Massive: How Did He Become Rich?* تم الاسترداد من INTERNATIONAL BUSINESS TIMES: https://www.ibtimes.com/saddam-husseins-net-worth-death-was-massive-how-did-he-become-rich-3455441

Khaled S. Al-Rashidi. (2022). *Combating Corruption in the Middle East*. Routledge.

MERI. (2016). *In The Best of Times and The Worst of Times:Addressing Structural Weaknesses of the Kurdistan Region's Economy*. Erbil: Middle East Research Institute.

RUDAW. (19 10, 2023). *زیانی راگرتنی هەناردەی نەوتی هەرێمی کوردستان گەیشتە نیوەی پشکەکەی لە بودجەدا*. تم الاسترداد من RUDAW: https://www.rudaw.net/sorani/business/091020231

Tiffany D. Barnesو Emily Beaulieu. (2024). *HANDBOOK ON GENDER AND CORRUPTION*. *IN*. Cheltenham: Edward Elgar Publishing Limited.

Transparency International. (بلا تاريخ). *What is corruption*. تم الاسترداد من Transparency International: https://www.transparency.org/en/what-is-corruption

UNDP. (2024). *Trial Monitoring First Report - Nov 2022 - Dec 2023*. UNDP.

United Nations Office on Drugs and Crime. (بلا تاريخ). *Corruption*. تم الاسترداد من unodc: https://www.unodc.org/corruption/index.html

UNDP United Nations Office on Drugs and Crime. (2012). *Corruption and Integrity Challenges in the Public Sector of iraq*. UNDP IRAQ.

دامەزاوەی میدیای درەو. (2025). *بودجە و موچە لە هەرێمی کوردستان*. سلیمانی: چاپخانەی پاندا.

ڕۆژان سیفور اسکندر. (2020). سیاسەترێژی میدیایی لە هەرێمی کوردستان. *گۆڤاری لێکۆڵینەوە سیاسی و ئەمنیەکان*، 181-200.

ڕێکخراوی ستۆپ. (25 4, 2022). *9 ساڵ حوکمڕانی لە تاریکیدا* . تم الاسترداد من DRAW: https://drawmedia.net/page_detail?smart-id=10145

سەعید سەیدی. (17 12, 2019). *شوناس و شوناسی نەتەوەیی*. تم الاسترداد من پەیسەر: https://www.peyserpress.com/detail/4177

شارپرێس. (17 12, 2023). *ڕێکخراوی ستۆپ: ناعەدالەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی گەندەڵیدا دەکرێت*. تم الاسترداد من ڕێکخراوی ستۆپ: ناعەدالەتی لە مامەڵەکردن لەگەڵ کەیسەکانی گەندەڵیدا دەکرێت: https://www.sharpress.net/all-detail.aspx?Jimare=222377

محمد صالح امیدی. (2010). *الفساد في اقليم كوردستان و اليات المعالجة*. اربيل: مطبعة شهاب.

ئەحمەد شەبانی. (2010). *فەرهەنگی زانستی سیاسی*. سنه: دانشگاه کوردستان.

ئەسعەد ئەنوەر عارف. (24 12, 2016). *خانەی هزری کوردستان*. تم الاسترداد من گەندەڵی و ئاسایشی نیشتمانی: https://www.penus.krd/archive/index.php/ckb/2018-04-02-19-11-33/item/334-2018-09-02-18-56-38

**The impact of corruption on national identity**

**Kurdistan Region as an example**

**Abstract**

This study explores the intricate relationship between corruption and Kurdish national identity within the Kurdistan Region, focusing on public perceptions of trust, transparency, accountability, and the performance of public institutions, including the judiciary. By employing a mixed-methods approach, the research begins with qualitative analysis to identify key indicators, followed by quantitative measures such as the "Government Trust and Performance Index" and the "Transparency and Accountability Criteria" to assess the extent of corruption and its manifestations. Findings reveal that corruption has significantly eroded collective pride, social cohesion, and the foundational pillars of Kurdish national identity. To mitigate these negative impacts, the study emphasizes the urgent need to strengthen justice, enhance transparency, and rebuild citizens' trust in government institutions. These measures are crucial to restoring confidence and eliminating feelings of inferiority tied to Kurdish national identity in the region.